بسم الله الرحمن الرحیم

# وەقایعی کوردستان


رۆژنامەی رەسمیی حکومەتی هەریمی کوردستانە / وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە(٥٤) سالی پینجەم ١٤/٢/٢٠٠٥ی زاینی(٢٥)ی ریبەندان ٢٧٠٤ی کوردی (٥)ی محرم ١٤٢٦ی کۆچی


54

## لەم ژمارەیەدا :


- **بریاری ژمارە (٥٨) ی سالی ٢٠٠٤ی پەرلەمان** ل١
  قبولکردنی دەست لە کار هەلگری و ناوزەدکردن و متمانە پیدان لەسەر ئەو گۆرانکارییانەی لە پەیکەری ئەنجومەنی وەزیرانی ئیدارەی سلیمانیدا رویاندا.

- **بریاری ژمارە (٥٩) ی سالی ٢٠٠٤ی پەرلەمان** ل٢
  دانانی دوو ئەندامی پەرلەمان هەریەکەو لە لیژنەیەکی پەرلەمانیدا.

- **بریاری ژمارە (٦٠) ی سالی ٢٠٠٥ ی پەرلەمان** ل٣
  ئیقرارکردنی ئەنجامگەلی کۆششی سەرکردایەتی کوردستان
  بۆ ئاسایی کردنەوەی دۆخی کەرکوك و بانگهیشتی گەلی کوردستان
  بۆ بەشداربوون لە هەموو جۆرە هەلبژاردنە گشتییەکانی ٢٠٠٥/١/٣٠.

- **بەیاننامەی ژمارە (٨) ی سالی ٢٠٠٤ ی وەزارەتی کشتوکال و ئاودیری** ل٧
  کردنەوەی (هۆبەی وەگەرخستن و چاککردنی بیرەئاویەکان لە قەزای ئاکری).

- **بەیاننامەی ژمارە (١) ی سالی ٢٠٠٥ ی وەزارەتی کشتوکال و ئاودیری** ل٧
  سەبارەت بە بەریوەبەرایەتی ژمیریاری پلان لە دیوانی وەزارەت.

- **بەیاننامەی ژمارە (١) ی سالی ٢٠٠٥ ی وەزارەتی داد** ل٨
  کردنەوەی چەند فەرمانگەیەکی داواکاری گشتی

- **بەیاننامەی ژمارە (٢) ی سالی ٢٠٠٥ ی وەزارەتی داد** ل٩
  تەرخانکردنی دادوەریکی دادگای بەرایی هەولیر بە داواکانی یاسای بەکریدانی خانووبەرەو، دەوامی ئیوارانی دادگای باری کەسی و دادگای لیکۆلینەوە لە هەولیر.

- **بەیاننامەی ژمارە (٣) ی سالی ٢٠٠٥ ی وەزارەتی داد** ل١٠
  کردنەوەی (بەریوەبەرایەتی کاروباری یاسایی)
  لە سەرۆکایەتی دادگای تیهەلچوونەوەی ناوچەی هەولیر

- **بەیاننامەی ژمارە (٤) ی سالی ٢٠٠٥ ی وەزارەتی داد** ل١٠
  کردنەوەی دادگای بەرایی (قوشتە پە) و (عەنکاوە) و (خەلیفان).

- **بەیاننامەی ژمارە (٥) ی سالی ٢٠٠٥ ی وەزارەتی داد** ل١١
  کردنەوەی (بەریوەبەرایەتی رۆژنامەی رەسمیی) لە دیوانی وەزارەت.



www.geocities.com/waqaea
e.mail: waqaea@yahoo.com

ناونیشان: هەولیر بالەخانەی وەزارەتی داد

بەدالە (٢٢٣١٨٢٣ _ ٢٢٣١٨٣٦ _ ٢٢٣١٤٣٣)

بسم الله الرحمن الرحيم

# وقائع كوردستان


الجريـدة الرسـمية لحكـومة أقليم كوردسـتان العـراق - تصـدرها وزارة العـدل

العـــدد ( ٥٤ ) السـنـة الخامسة ٢/١٤/ ٢٠٠٥م ( ٢٥ ) ڕێبەندان ٢٧٠٤ ك ( ٥ ) محرم ١٤٢٦ هـ


## في هـذا العـدد


- قرار برلمان كوردستان رقم (٥٨) لسنة ٢٠٠٤ — ص١٢
  **قبول استقالات وتسميات ومنح الثقة للمتغيرات الحاصلة في تركيبة مجلس وزراء اقليم كوردستان العراق - ادارة السليمانية.**
- قرار برلمان كوردستان رقم (٥٩) لسنة ٢٠٠٤ — ص١٣
  **اضافة عضوين برلمانيين كل واحد منهما الى لجنة برلمانية**
- قرار برلمان كوردستان رقم (٦٠) لسنة ٢٠٠٥ — ص١٤
  **اقرار نتائج مساعي القيادة الكوردستانية حول تطبيع الاوضاع في كركوك ودعوة شعب كوردستان الى المشاركة في الانتخابات العامة في ٢٠٠٥/١/٣٠ وعلى جميع المستويات**
- بيان رقم (٨) لسنة ٢٠٠٤ لوزارة الزراعة والري — ص٧
  **استحداث ( شعبة تشغيل وصيانة الآبار المائية في قضاء ئاكرێ )**
- بيان رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ لوزارة الزراعة والري — ص٧
  **بخصوص مديرية حسابات التخطيط في ديوان الوزارة**
- بيان رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ لوزارة العدل — ص٨
  **استحداث عدد من دوائر الادعاء العام**
- بيان رقم (٢) لسنة ٢٠٠٥ لوزارة العدل — ص٩
  **تخصيص حاكم من محكمة بداءة هەولێر بدعاوي قانون ايجار العقار، والدوام المسائي لمحكمتي الاحوال الشخصية والتحقيق في هەولێر.**
- بيان رقم (٣) لسنة ٢٠٠٥ لوزارة العدل — ص١٠
  **استحداث ( مديرية الشؤون القانونية ) في رئاسة محكمة استئناف منطقة هەولێر.**
- بيان رقم (٤) لسنة ٢٠٠٥ لوزارة العدل — ص١٠
  **استحداث محاكم البداءة في النواحي: ( قوشته په ) و ( عينكاوه ) و ( خليفان ).**
- بيان رقم (٥) لسنة ٢٠٠٥ لوزارة العدل — ص١١
  **استحداث ( مديرية الجريدة الرسمية ) في ديوان الوزارة.**



www.geocities.com/waqaea
e.mail: waqaea@yahoo.com

البـدالـة ( ٢٢٣١٨٢٣ _ ٢٢٣١٨٣٦ _ ٢٢٣١٤٣٣ )

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئە نجومەنی نیشتمانیی كوردستانی ـ عیراق**
**ژمارەی بڕیار: ٥٨**
**رۆژی بڕیار: ٢٠٠٤/١٢/٩**

## " بڕیـــار "

پشـت بە حوكمی ماددەی یازدە لە یاسـای ژمـارە(١)ی هـەمواركراوی سـاڵی (١٩٩٢)و، بڕگـە (٣)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١) ی هەمواركراوی ساڵی ١٩٩٢ و، لەسـەر بڕیـاری ژمـارە (٢٤) ی رۆژی (٢٠٠٢/١١/٦) ی ئەنجومـەنی نیـشتمانیی كوردسـتانی عێـراق، ئەنجومـەن لـە دانیـشتنی ژمـارە (٥٥) ی رۆژی (٢٠٠٤/١٢/٩) ی (خـولی گواسـتنەوە)ی خۆیـدا ئـەم بڕیـارەی خوارەوەیدا:

**یەكەم**: قبوڵكردنی دەست لەكارهەڵگرتنی رێزدار (د. برهم صالح) سەرۆكی ئەنجومـەنی وەزیرانـی ئیدارەی سلێمانی.

**دووەم**: ئەندامانی ئەنجومـەنی وەزیـران، لەسـەر هەڵسووڕاندنی ئـەرك و فرمـانی ئاسـایی خۆیـان بەردەوام دەبن تا پێكهانینی ئەنجومەنێكی نوێ.

**سێیەم**: ناوزەدكردنی رێزدار (عمر فتـاح) و، متمانـە پێكردنیـشی، ببـێ بـە سـەرۆكی ئەنجومـەنی وەزیرانی نوێی ـ ئیدارەی سلێمانی.

**چوارەم**: ناوزەدكردنی رێزدار (عماد احمد سیفور) و، متمانە پێكردنیشی، ببێ بە جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی ـ ئیدارەی سلێمانی.

**پێنجـەم**: ئـەم بڕیـارە لـە رۆژی دەرهێنانیـەوە دەخرێتـە بـەركارو، لـە (وەقـایعی كوردسـتان)دا بڵاودەكرێتەوە.

**د.رۆژ نـوری شـاوەیـس**
**سـەرۆكـی ئـە نجـومـەنی نیـشـتمانیی كـوردسـتانی ـ عێـراق**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئە نجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عیراق**
**ژمارەی بڕیار: ٥٩**
**رۆژی بڕیار: ٢٠٠٤/١٢/٩**

## " بڕیـــار "

پشت بە حوکمی ماددەی (٣٨) لە پیرۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و، دوابەدوای بڕیاری ژمارە (٢)ی رۆژی (٢٠٠٣/٤/٦) ، ئەنجومەن لە دانیشتنی رۆژی (٢٠٠٤/١٢/٩)یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا::

**یەکەم**: ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەڕێز (صلاح محمود عبدالله علاف) بۆ لیژنەی ماف مرۆڤ زیاد دەکرێ..

**دووەم**: ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەڕێز (عبداللطیف مولود عبدالکریم) بۆ لیژنەی شارەوانی و گەشت و گوزار زیاد دەکرێ..

**سێیەم**: ئەم بڕیارە لە رۆژی ئیقرارکردنیەوە رێکەوتی ( ٢٠٠٤/١٢/٩)ەوە دەخرێتە بەرکارو لە رۆژنامەی (پەرلەمان) و (وەقایعی کوردستان)یشدا بلاّو دەکرێتەوە.

**د.رۆژ نـوری شـاوەیـس**
**سـەرۆکـی ئـە نجـومـەنی نیـشـتمانیی کـوردسـتانی ـ عێـراق**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار : ٦٠**
**ڕۆژی بڕیار : ٢٠٠٥/١/١٥**

## " بڕیـــار "

ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی – عـیراق ، دانیـشتنی ژمـارە (٥٦)ی قۆنـاغی ڕەفتـەنی ، خۆی لە ڕۆژی (٢٠٠٥/١/١٥)دا سازدا و ، ئەمەی خوارەوەی دەرهێنا:

گەلی كوردستانی – عێراق ، هەست دەكاو ، بە چاوی خۆی دەیبێنـی كـە ناوەنـدی فـەرمی و ڕەسمیـی عـێراق ، وا منامنـا ، نـاوەرۆك و حوكمـەكانی مـاددەی (٥٨)ی یاسـای هەڵسووڕاندنی دەوڵەتی ڕەفتەنیی عێراق پەراوێز دەكاو پشت گوێی دەخـاو كۆمـەڵی ڕووداوو ئاكـار و ڕەفتـاری ئەوتۆ دەنوێنێ كە گەلی كوردستانی سرك و سڵ لێی بە گومان كەتووەو ، دڵە ڕاوكێی ئەوەی بـە دڵدا هێناوە كە حكومەتی عێراق بـە تـەنگ مـاددەی (٥٨)ی ئـەو یاسـایەوە نـەماوەو ، هـەروەك نەبووبێ و نەشبێ وایە.

ئەم ختووری دڵ و بە گومان كەوتنـەش ، بـە یـەكجارەكی لـەوەوە سـەری هەڵـدا كـە كۆمـەڵێ نیشانەو بەڵگەی لە ڕەفتاری واقیعی و مەیدانییەوە بۆ دەركەوت. بە نموونە ، هیچ هەنگاوێك، بە كـردار ، بـۆ هێنانــەوەو داكـردن و نیـشتەجێ كردنـی ئاوارەكـان نـەنراوە ، ئەوانەشـیان كـە گەڕاونەتەوە ، دیسانەوە لە ئاوارەبوون خراپتریش ، وەك غەریب و نامۆ ، بێ لانـەو بـێ داڵـدە ، لەو گۆڕەدا ، لەبەر سەرماو سۆڵەو لەناو قوڕو چلپاودا بەبێ باربۆو كۆمەك ، لە زێدی ئەسڵی بـاو باپیرانیاندا غەریب كەتوون . كەچی لە لایەكی دیكەوە ، نیشتەجێ بیـانی و هاوەردەكـان ، لێگا لێگا دڵنیادەكرێنەوە و دەستیان لە پشت دەدرێ كەلـە جێگـای نـاڕەواو ناشـەرعی خۆیـان، كـە داگیریان كردووە بمێننەوەو نەگەڕێنەوە بۆ جێگا ئەسڵیەكانی خۆیان. بێگانە كە كراوە بەخاوەن ماڵ مافی دەنـگ دان و هەڵبژاردنیـشی پـێ دراوە، وەلـێ خـاوەن مـاڵ مـافی میوانیـشی نییـەو لـە هەڵبژاردنیش بێ بەش دەكرێ. نەك هەر ئەوەندە، بگرە، لیژنەی سەرپەرشتی هەڵبژاردنەكان، لە پارێزگای كەركوكدا، كە دەستی بەسەر دەمی كورددا گرتووەو نایەڵێت دەنگی لێـوەبێ و دەنـگ بدا، بەسەرۆك و ئەندامەوە، بەئاشكرا ناسراون كە دەسەو دایەرەی ڕژێمی دیكتاتۆری گۆڕ بەگۆڕ بوون. لەلایەكی تریشەوە، یاسای یەكلاكردنەوەی ناكۆكی موڵك و موڵكایەتیش لەپاكەوت و پاڵی لێ دایەوەو دەعاواكان هەروا مانەوە. هێوركردنەوەی دۆخ و ئاساییكردنەوەی ژیان و گوزەران لە بەشە تازە ئازادكراوەكانی كوردستاندا نەخاسمە كەركوك، كەمتەرخەمییەكی ترسناكی لـێ كـراو

ئــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

پشت گوێ خرا. ئەم بەشەی كوردستان ـ وەك ياسای هەڵسوڕاندنی دەوڵـەتيش دانـی پێـداناوە ـ بەر ئاكاری زوڵم و ستەمی رەگەزپەرستی و شۆڤێنی كەوتووەو واقيعی نەتەوەيی و ديمۆگرافيايی بەناهـەق شـێوێنراوە، كـە واقيعـی كـاروانی مێـژوو و حەقيقـەتی بەڵگەنەويـستی جوگرافيـايی، سەلماندوويانە، ئەم خاكە بەشـێكە لـە هـەرێمی كوردسـتان و جيابوونـەوەی نييـەو، نـابێ. ئـەم مەسـەلەيە، مەسـەلەيەكی ژيـواری و چارەنووسـسازی گەلەكەمانـە، كـە لـەپێناو ئـەو خاكـەدا، جارەهای جار قۆڵی شۆڕش و جەنگی لێ هەڵماڵيوەو، هەزارەهای خەڵكی ئەو ناوچـانەو خـەڵكی باقيمەنی ناوچەكانی هەرێم، خۆيان بە قوربانی ئەو خاكـە كـردووەو، هـەزارەها شـەهيدو كـەل و كەم ئەندامی لێكەوتووەتەوە، بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێـراق و دوای دامەزراندنيـشی، ئـەم لێـشاوی قوربـانی و شـەهيدەش بـۆ پاراسـتنی كوردسـتانييەتی ناوچـە تـازە ئازادكراوەكـان، بەتايبەتيش بۆ كەركوك بووە، كە بە هيچ كلۆجێ موساوەمەی لەسەر نەكراوەو ناشكرێ.

كار، وابـڕواو، مەسـەلەی ئاسـايی كردنـەوەی دۆخـی پارێزگـای كـەركووك، ئـاوا، بـە ئاشـكرا، وەپەراوێز بكەوێ و گوێی لێبئاخنرێ، كەواتە، شـتێكی عاجبـاتی نييـە، هاووڵاتيـانی كوردسـتان بكەونـەخۆو، لـەخۆيان بپرسـن و بڵـێين، كەواتـە هەڵبـژاردنی گـشتی بۆچـی و؟ هەڵبـژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای كەركووك بۆ كێ؟ نەخاسمە حاڵەكەش، هەر ئەوەيە كە دەيبينين.

جا ، سەركردايەتی سياسی كوردستان كە دەزانێ بەرامبەر بە مێژوو، بەتايبەتی لەسـەر ئـەم مەسەلەيە بەرپرسەو بەگشتی بەرژەوەندی عێراق، هەستا وەفدێكی بە سەرۆكايەتی بەڕێز جەلال تاڵەبانی و بە بەشداربوونی بەڕێز نێچيرڤان بـارزانی، نـارد بـۆ بەغـدا، وەفدەكـە، رێك و راسـت، نايانە مشتيان كە بۆ مافێك هاتوون، داوای دەكەن و دەست بەرداری نابن. مافەكـە شـەرعييەتی ياسـايی هەيـەو، بەدەيـەها بەڵگەنامـەو شـەواهيدی مێـژوويی و جوگرافييـان خـستە بەردەسـتی سەرەك بەرپرسانی عێراق و باڵيۆزی ويلايەتە يەكگرتووەكانی ئەمريكاو بـەريتانياش، ئەوەشـيان تێ گەياندن، ئەگەر مەسەلەكە چار نەكەن شتی خراپی لێ دەكەوێتەوە، بۆ ئەوەش، ئەنجومەنی نيـشتمانيی نيـشتمانيی كوردسـتانی عێـراق، دانيـشتنی ژمـارە (٥٦)ی قۆنـاغی رەفتـەنيی لـە (٢٠٠٥/١/١٥)دا سـازداو، بـەڕێز (مەسـعود بـارزانی) و بـەڕێزان (جـەلال تاڵـەبانی) و (نێـچيرڤان بارزانی) و، نوێنەران ئەندامانی وەفەدەكـەو سـەركردەكانی (٣٣) حزبـی كوردسـتانييان بـۆ ئـەو كۆبوونەوەيـە داوەت كـرد، وەفدەكـە چـالاكی و ديـدەنی و پێوەنـدی كردنـەكانی ـ سوپاسـيان دەكەين ـ لەگەڵ ئەو بەرپرسـانەدا، بـە ئەنجامـە ئيجابييەكانيـەوە خـستە بەرچـاوو، دەركـەوت، بەكورتی، ئەم ئەنجامە بەخێرانەی خوارەوەيان لێ كەوتووەتەوە:

**يەكەم/ ئيجرائاتی ئيجابی كە بەكردار ئيقرار كراوە:**

أ) كۆميـسياريەتی بـاڵای سـەربەخۆی هەڵبژارنـەكان موافەقـەتی كـردووە، هـەموو ئاوارەكـان، چ گەڕابنەوە بۆ كەركوك، چ نەگەڕابنەوە، هەر هەموويان مافی دەنگدانيان لە كەركوكدا هەيە.

ئـــــەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

ب) لیژنــەی هەڵبژاردنــەکانی پارێزگـای کـەرکووك ئیلغـا کـراو، لیژنەیـەکی نـویٚ لـە کەسـانی نیشتمانپەروەرو بیٚ لایەن و دەست و دڵ پاك پێك دەهێنریٚ.

**دووەم/ دڵنیاکردنــەوەو زەمانەتگـەلیٚ چ بـە دەم، چ بـە نووسـراو کـە بەدەسـتیان هێنـاوە، ئەمانەن:**

أ) دەرچـوونی بـڕین بـوون و ئیلتیزامێکـی نووسـراو لەلایـەن بـەڕێز سـەرکۆمارەوە کـە مـاددەی (٥٨)ی یاسای هەڵسوڕاندنی دەوڵەت بە ناوەرۆك و حوکمەکانیەوە دەخرێتە بەرکار.

ب) دەرچوونی بڕیارێك لەلایـەن ئەنجومـەنی وەزیرانـی عێراقـەوە، دووبـارە ئیلتیزامـی خـۆی بـە ماددەی (٥٨)ی یاسای هەڵسووڕاندنی دەوڵەتەوە تازە دەکاتەوە.

ج) جێگـــری وەزیـــری دەرەوەی ویلایەتـــە یـــەکگرتووەکانی ئـــەمریکا، بـــەڕێز ئارمیتـــاج، لەسـەردانەکەیدا بـۆ کوردسـتان، ئیلتیزامـی حکومـەتی ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکای بـە وەبەرکارخستنی ماددەی (٥٨)ەوە راگەیاندو دووپاتیشی کردەوە.

د) بـاڵیۆزی ئەمـەریکی لـە بەغـدا، بـۆ ئەنـدامانی وەفـدی سـەرکردایەتی سیاسـی، دووپـاتی کردووەتــەوە کـە حکومەتەکـەی پابەنـدە بـە زەمانـەتی وەبەرکارخـستنی مـاددەی (٥٨)ەوە لەماوەی قۆناغی رەفتەنیی ئایندەدا و، بەنووسینیش پشتگیریی لە ناوەرۆکی نامەکـەی سـەرەك وەزیرانی عێراق کردووە.

هــ) بـاڵیۆزی بـەریتانیا لـە بەغـدا، بـۆ ئەنـدامانی وەفدەکـەی سـەرکردایەتی سیاسـی، دووپـات کردووەتەوە کـە حکومەتەکـەی پابەنـدە بـە زەمانـەتی وەبەرکارخـستنی مـاددەی (٥٨)ەوە لـە قۆناغی رەفتنەیی ئایندەداو، بەنووسینیش پشتگیریی لە ناوەرۆکی نامەکـەی سـەرەك وەزیرانـی عێراق کردووە.

**جا، لەبەر رۆشنایی ئەو ئەنجامانەی باسمان کردن، دوای وتووێژ و دیراسەت کردنیان و، بە ئامادەبونی نوێنەرانی سەرکردەکانی حزبە کوردستانیەکانیش، ئەنجومەن ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:**

**یەکەم: هەموو پێکهاتەی ئیثنی و سیاسی و ئاینیی گەلی کوردستان بانگ بکرێن، بەچالاکی لەهەموو هەڵبژاردنەکانی عێراقدا، بەهەموو جۆرەکانیەوە بەشداری بکەن و دەنگی خۆیـان بدەن.**

**دووەم: لەحاڵەتێکدا، ئەگەر هات و دەسەڵاتەکانی عێراق بۆین بوون (التزامات)ی زارەکـی و نووسراویـشیان، لەمـەڕ بەرکارخـستنی (مـادەی (٥٨)ی یاسـای هەڵـسووڕاندنی دەوڵـەتی عێراق ـ بۆ قۆناغی رەفتەنی) نەبردەسەر، یان لە قۆناغی رەفتەنیـدا بەپـشتیاندا خـست و ئیجرائاتی پێویستیان بۆ نـەکرد، ئـەوە، لـەو بـارەدا ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردسـتانی**

ئــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

عێراق، بۆی هەیە، دووبارە، بەهەڵوێستی گەلی کوردستان و دام و دەزگای شەرعی و هەڵبژێردراوی گەلی کوردستاندا، بەرامبەر بە حکومەتی فیدراڵی و دەوڵەتی عێراقدا بچێتەوەو، هەڵوێستی لەبارو گونجاو بنیات بنێ و، بڕیاری پێویستی لەسەر بدات.

**سێیەم:** پێویستە لەسەر هەموو لایەنە رەسمی و حزبی سیاسی و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، حوکمەکانی ئەم بڕیارە بخەنە بەرکار.

**چوارەم:** لە (وەقایعی کوردستان)یشدا بڵاو دەکرێتەوە.

**د.رۆژ نـوری شـاوەیـس**
**سـەرۆکـی ئـە نجـومـەنی نیـشـتمانیی کـوردسـتانی ـ عێـراق**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**
**بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و خۆیەتی**
**رێکــەوت / ٢٠٠٤/١٢/١٥**

## بەیــان ژمــارە ( ٨ )

١) لەپێناو بەرژەوەندی گشتی و بەڕێوەبردنی ئیش و کارەکان بەشێوەیەکی رێك و، پاڵپشت بە برگە / ٢ لە ماددەی شەشەم لە یاسای ژمارە/١٠ ی ساڵی / ٢٠٠٠ (یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە / ١٠ ی ساڵی / ١٩٩٢ ی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری).

بڕیارماندا بەکردنەوەی (هۆبەی وەگەڕخستن و چاککردنی بیرە ئاویەکان لە قەزای ئاکرێ) لەجیاتی (یەکەی ئاوی ژێرزەوی ئاکرێ) و ئەو هۆبەش سەر بە (بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی دهۆك) دەبێت.

٢) ئەو فەرمانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت.

**ازاد عزالدين مـلا أفنـدى**
**وەزیــــری کشتوکاڵ و ئاودێــــری**

---

**وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێــــری**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**
**بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و خۆیەتی**
**رێکەوت : ٢٠٠٥/١/٣**

## بەیــان ژمــارە ( ١ )

دوابەدوای بەیانی ژمارە /٣٦٧١ مان لە رۆژی ٢٠٠٤/٨/٣

تایبەت بە کردنەوەی (بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری پلان) لە دیوانی وەزارەتمان.

بڕیارماندا ئەو بەڕێوەبەرایەتیە راستەوخۆ سەر بە خۆمانەوە دەبێت لە رۆژی دەرچوونی ئەو بەیانە.

**ازاد عزالدين مـلا أفنـدى**
**وەزیــــری کشتوکاڵ و ئاودێــــری**

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

وەزارەتی داد
بەڕێوەبەرایەتی دادی گشتی
بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان
ڕێکەوت : ٢٠٠٥/١/٥

## بەیــان ژمارە (١)

پاڵپــشت بــە پێــی ماددەکــانی (١٨و١٩و٢٠و٢١و٢٢و٢٣و٢٤و٣٦) لــە یاســای داواکــاری گــشتی بڕیارماندا بە پێکهێنانی :

١) فەرمانگەی داواکاری گشتی لە بەندیخانەی هەولێر (سجن محطة).

٢) فەرمانگەی داواکاری گشتی لە بنکەی چاکسازی نەوجەوانانی هەولێر.

٣) فەرمانگەی داواکاری گشتی لە بەندیخانەی دهــۆك.

٤) فەرمانگەی داواکاری گشتی لە بنکەی چاکسازی نەوجەوانانی دهۆك.

ئەم بڕیارە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

**هــادی علــی**
**وەزیـــــری داد**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

وەزارەتی داد
بەڕێوەبەرایەتی دادی گشتی
بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان
ڕێکەوت :٢٠٠٥/١/١٧

# بەیــان ژمارە ( ٢ )

لەبەر بەرژەوەندی گشتی و پاڵپشت بەو دەسەلاتەی بە پێی مادده (٣) لە یاسای ژمارە (١٢)یسالی ١٩٩٢ی وەزارەتی داد پێمان دراوە و، بەمەبەستی راپەراندنی ئیش و کارەکانی تایبەت بە وەزارەتی داد بە شێوەیەکی باشتر و رێکوپێکتر بریارماندا بە:

١– تەرخانکردنی دادوەرێك لە دادگای بەرایی هەولێر بۆ سەیر کردنی ئەم داوایانەی کە تایبەتن بە یاسای بەکرێ دانی خانوبەرە (ایجار العقار) ٠

٢– تەرخان کردنی دادوەرێك و ستافێکی تەواو لە فەرمانبەران لە دادگای باری کەسی هەولێر بۆ ئەوەی تەنها ئێواران بۆ ماوەی (٥)پێنج کاتژمێر دەوام بکەن ، بۆ دەرکردنی بەلگە نامەکان .

٣– تەرخانکردنی دادوەرێك و ستافێکی تەواو لەفەرمانبەران لە دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر ، بۆ ئەوەی تەنها ئێواران بۆ ماوەی (٥) پێنج کاتژمێر دەوام بکەن .

**هــادی علــی**
**وەزیـــــری داد**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**وەزارەتی داد**
**بەڕێوەبەرایەتی دادی گشتی**
**بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان**
**رێکەوت :٢٠٠٥/٢/٥**

## بــە یـــان ژمارە (٣)

لـەبەر بەرژەوەندی گشتی و پاڵپشت بەو دەسەلاّتەی بە پێی برِگە (٢) لـە ماددەی حەوتـەم لە یاسایی وەزارەتی داد ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو پێمان دراوە ، برِیارمانــدا بـە : کردنەوەی (بەرێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی) لە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچـەی هەولێر ، بەرێوەبەرێك بەرێوەی دەبات ، هەلگری برِوانامەی بەکالوریوسی یاسا بێت.

**هــادی علــی**
**وەزیـــــری داد**

---

**وەزارەتی داد**
**بەڕێوەبەرایەتی دادی گشتی**
**بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان**
**رێکەوت : ٢٠٠٥/٢/٥**

## بــە یـــان ژمارە (٤)

لــەبەر بەرژەوەنـدی گـشتی و پاڵپـشت بـەو دەسـەلاّتەی بـە پێـی مـاددەی (١٨) لـە یاسـایی دەسەلاّتی دادوەری ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩٢ی پێمان دراوە ، برِیارمانــدا بە کردنەوەی :

١) **دادگای بەرایی قوشتە پە / لە ناحیەی قوشتە پە.**
٢) **دادگای بەرایی عەنکاوە / لە ناحیەی عەنکاوە.**
٣) **دادگای بەرایی خەلیفــان / لە ناحیەی خەلیفــان.**

**هــادی علــی**
**وەزیـــــری داد**

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**وەزارەتی داد**
**بەڕێوەبەرایەتی دادی گشتی**
**بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان**
**رێکەوت : ٢٠٠٥/٢/٥**

## بــەیـــان ژمارە ( ٥ )

لـەبەر بەرژەوەندی گشتی و پاڵپشت بەو دەسەلاّتەی بە پێی برگە (٢) لە مـاددە حەوتـەم لە یاسای وەزارەتی داد ژمـارە (١٢)ی سـاڵی ١٩٩٢ی هـەموارکراو پێمـان دراوە ، بڕیارمانـدا بـە کردنەوەی (**بەڕێوەبەرایەتی رۆژنامەی رەسمیی**) لە دیوانی وەزارەت بۆ بـەڕێوەبردن و سەرپەرشـتی کردنی (رۆژنامەی وەقایعی کوردستان) کە بەڕێوەبـەرێك بـەرێوەی دەبـات هەڵگــری بڕوانامـەی بەکالوریوسی یاسا بێت و شارەزایی لە بواری زمانەوانی و رۆژنامەگەری هەبێت و ، لەم بەشانەی خوارەوە پێك دێت:

١) **بەشی نوسین و چاپکردن.**
٢) **بەشی دابەشکردن و ئەرشیف.**
٣) **بەشی ژمێریاری و ووردبینی و بەدواداچوون.**

**هــادی علــی**
**وەزیـــــری داد**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**باسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان – العراق**
**رقم القرار: ٥٨**
**تاريخ القرار: ٢٠٠٤/١٢/٩**

## " قــرار "

استناداً إلى حكم المادة الحادية عشرة من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل والفقرة (٣) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وقرار المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق رقم (٢٤) في ٢٠٠٢/١١/٦، قرر المجلس بجلسته المرقمة (٥٥) (الدورة الانتقالية) في ٢٠٠٤/١٢/٩ مايلي:

**أولاً**: قبول استقالة السيد (د. برهم صالح) رئيس مجلس الوزراء ـ إدارة السليمانية.

**ثانياً**: يستمر أعضاء مجلس الوزراء في تأدية مهام واجباتهم الاعتيادية لحين تشكيل مجلس جديد.

**ثالثاً**: تسمية السيد (عمر فتاح) ومنحه الثقة رئيساً لمجلس الوزراء الجديد ـ إدارة السليمانية.

**رابعاً**: تسمية السيد (عماد احمد سيفور) ومنحه الثقة نائباً لرئيس مجلس الوزراء ـ إدارة السليمانية.

**خامساً**: ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**د. روژ نوری شاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان – العراق**

ئــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**باسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان – العراق**
**رقم القرار: ٥٩**
**تاريخ القرار: ٢٠٠٤/١٢/٩**

## " قــرار "

استناداً لحكم المادة (٣٨) من النظام الداخلي للمجلس الـوطني لكوردسـتان ـ العـراق رقـم (١) لـسنة ١٩٩٢ المعـدل، وإلحاقـاً بـالقرار المـرقم (٢) في ٢٠٠٢/٤/٦، قـرر المجلـس بجلـسته المنعقـدة بتاريخ ٢٠٠٤/١٢/٩ مايلي:

**أولاً**: يضاف عضو المجلسي الوطني لكوردستان العـراق (صـلاح محمـود عبـدالله عـلاف) إلى لجنـة حقوق الإنسان.

**ثانياً**: يضاف عضو المجلس الوطني لكوردستان العراق (عبـداللطيف مولـود عبـدالكريم) الى لجنـة البلديات والسياحة.

**ثالثاً**: يعتبر هذا القرار نافذاً من تـاريخ إقـراره في ٢٠٠٤/١٢/٩ ويـشنر في جريـدة (پرلمـان) ووقـائع كوردستان.

**د. روژ نـوری شـاويـس**
**رئـيـس الـمـجلس الـوطـني لـكـوردسـتـان – الـعـراق**

ئـــەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**باسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان – العراق**
**رقم القرار : ٦٠**
**تأريخ القرار : ٢٠٠٥/١/١٥**

## " قــرار "

عقد المجلس الوطني لكوردستان العراق جلسته المرقمة (٥٦) للمرحلة الانتقالية في ٢٠٠٥/١/١٥ و أصدر الأتي:

بالنظر لما ساور شعب كوردستان – العراق من قلق مشروع جراء استقرائه لمجموعة من الظواهر و الوقائع التي يستشف منها موقفاً لاأبالياً من الأوساط الرسمية تجاه ما تضمنته المادة (٥٨) من قانون ادارة الدولة العراقية الانتقالية و لقد تبلورت تلك الرؤية لشعبنا من خلال استنباطه لمجموعة من القرائن من وقائع ثابتة على الأرض و منها على سبيل المثال عدم اتخاذ أية إجراءات ايجابية لتسهيل عملية عودة المرحلين و استقرارهم في المناطق التي هجروا منها و تركوا في العراء يعانون من الظروف الجوية القاسية و ضنك العيش ، و صدور اكثر من اشارة لتطمين المستوطنين الغرباء عن المنطقة للبقاء حيث هم و عدم الجلاء او العودة الى المواطن التي استقدموا منها و كذلك حرمان المرحلين من ممارسة حقهم في الانتخاب في حين منح المستوطنون الحق المذكور دون وجه حق ، كما ان تشكيلة اللجنة المشرفة على الانتخابات في محافظة كركوك كانت برئاسة و عضوية اشخاص معروفين بإنتمائهم للنظام الدكتاتوري المقبور ، و كذلك التلكوء في حسم الدعاوي المشمولة بقانون فض منازعات الملكية.

و حيث ان تطبيع الأوضاع في مناطق كوردستان عامة و كركوك خاصة التي تعرضت لاجراءات تعسفية عنصرية لتغير واقعها الديموغرافي كما اقر بذلك قانون إدارة الدولة و لما كانت الوقائع التأريخية و الجغرافية تؤكد انها تشكل جزءاً لا يتجزأ من اقليم كوردستان و إن قضيتها تعتبر حيوية و مصيرية لشعبنا الذي دخل حروباً مريرة من اجلها و ضحى الآلاف من اهل المناطق المذكورة و بقية مناطق الاقليم بأنفسهم بين شهيد و معوق قبل تشكيل الدولة العراقية و بعدها من اجل الحفاظ على كوردستانيتها التي لا يمكن المساومة عليها فليس غريباً ان يكون لتهميش موضوع التطبيع في محافظة كركوك ردود فعل سلبية قوية لدى مواطني كوردستان .. و تساؤلات عن جدوى المشاركة في الانتخابات عامة و انتخابات مجلس محافظة كركوك خاصة.

ئـــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

مع استمرار هذا الواقع و شعوراً من القيادة السياسية الكوردستانية بمسؤليتها التأريخية تجاه هذا الموضوع خاصة و العراق عامة فلقد أوفدت وفداً برئاسة السيد الطالباني و مشاركة نيّچرڤان البارزاني الى بغداد اتصل بأعلى المستويات في الحكومة العراقية.

و سفيري الولايات المتحدة الأمريكية و بريطانيا مصارحةً اياهم بالحق المطالب به و مشروعيته القانونية المدعم بالعشرات من الوثائق و الوقائع التأريخية و السياسية و النتائج و الآثار السلبية في حالة ترك الموضوع دونما معالجة و بناءاً على ذلك فلقد عقد المجلس الوطني لكوردستان العراق جلسته المرقمة (٥٦) المرحلة الانتقالية ٢٠٠٥/١/١٥ مستضيفاً السيد مسعود البارزانى والسيد جلال الطالباني ومشاركة السيد نيّچرڤان البارزاني و الممثلين الموفدين الى بغداد و قادة (٣٣) حزباً كوردستانياً ومن استعراض الوفد لمساعيه المشكورة المبذولة بصدد الموضوع و نتائج اتصالاته الايجابية تبين يإن ما تمخض عنها يمكن تلخيصها في ما يلي :

**اولاً : الاجراءات العملية الايجابية التي تقررت فعلاً:**

ا) موافقة المفوضية العليا المستقلة للأنتخابات على ممارسة المرحلين لحق الانتخاب في كركوك سواء كان المرحل مقيماً في كركوك ام لازال مقيماً في المكان الذي هجر اليه.

ب) تم إلغاء تشكيلة لجنة الانتخابات لمحافظة كركوك و إعادة تشكيلها من عناصر معروفة بوطنيتها و حيادها و نزاهتها.

**ثانياً : التطمينات و الضمانات التحريرية و الشفوية التي تم الحصول عليها و هي :**

ا) صدور التزام تحريري من السيد رئيس الجمهورية بالمادة (٥٨) من قانون إدارة الدولة و ما احتوتها من مضامين و أحكام.

ب) صدور قرار من مجلس وزراء العراق يجدد الالتزام بالمادة (٥٨) من قانون ادارة الدولة.

ج) تأكيد نائب وزير خارجية الولايات المتحدة الأمريكية السيد آرميتاج أثناء زيارته لكوردستان إلتزام حكومة الولايات المتحدة الأمريكية بتنفيذ المادة (٥٨) و تأكيده لهذا الالتزام.

د) تأكيد السفير الأمريكي في العراق لأعضاء وفد القيادة السياسية التزام حكومته بتنفيذ المادة (٥٨) خلال المرحلة الانتقالية القادمة و تأييده خطياً لما جاء في رسالة رئيس الوزراء العراقي.

ه) تأكيد السفير البريطاني في العراق لأعضاء وفد القيادة السياسية التزام حكومته بتنفيذ المادة (٥٨) خلال المرحلة الانتقالية القادمة و تأييده خطياً لما جاء في رسالة رئيس الوزراء العراقي.

**وبناءاً على ما تقدم وبعد التحاور وتدارس الوقائع المستعرضة بحضور ممثلي قيادات الأحزاب الكوردستانية فقد قرر المجلس الآتي:**

ئــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كــــــوردستان

**اولاً : دعوة شعب كوردستان بكافة مكوناته الأثنية و السياسية و الدينية للمشاركة الفعالة في الانتخابات العراقية على جميع مستوياتها.**

www.mojkurdistan.com

**ثانياً** : في حالة عدم تنفيذ السلطات العراقية ما التزمت به بخصوص المادة (٥٨) من قانون إدارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية تحريرياً أو شفوياً أو تلكأت في إتخاذ الاجراءات اللازمة خلال المرحلة الانتقالية ، فللمجلس الوطني لكوردستان – العراق إعادة النظر في مواقف شعب كوردستان و مؤسساته الشرعية المنتخبة تجاه الحكومة الفدرالية و دولة العراق و تبني الموقف المناسب و اتخاذ القرار اللازم بصدد ذلك.

**ثالثاً** : على كافة الجهات الرسمية و الأحزاب السياسية و منظمات المجتمع المدني في إقليم كوردستان تنفيذ احكام هذا القرار.

**رابعاً** : ينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**د. روژ نوری شاویس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان - العراق**

ئــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com